کەمپانیایەکی گەیاندن بەقاچاخ بردنی 25 کیلۆگرام لە ماددەی هەشبەر بە هەولێر ئەنجامداوە

ئاسایشی هەولێر دەستبەسەردا گرتنی 25 کیلۆگرام ماددەی هەشبەر ڕاگەیاند.

ئاسایشی هەولێر دەڵێت، ئەوەش دوای ئەنجامدانی بەدواداچون و کۆکردنەوەی زانیاری، دەستمانگرت بەسەر بڕی 25 کیلۆ و 5 گرام ماددەی هەشبەر لە جۆری کریستاڵ، کە ئەم ماددە هەشبەرە لەلایەن باندێکی بازرگانی کردن بە ماددە هەشبەرەکان بەڕێگای کەمپانیایەکی گواستنەوە بەشێوەیەکی شاراوە لەناو دوو بڕی ئاسن حەشار دراوەو دەربازی شاری هەولێریان کردبوو، جگە لە ئاماژەیە بە حەشاردانی ئەم ماددە هەشبەرە،بە جۆرێک لە دەرمانی قۆکردنی مەرو سەرەوەی ئەو بڕە ئاسنە ڕوپۆش کراوە بە ئەوەی ئاشکرانەبێت و لە گلایەن (سەگی k9) وە نە بینرێتەوە، هەروەها بەفەرمانی دادوەری لەکۆلینەوەی ئاسایشی هەولێر ڕێکاری یاسای بەرامبەر ئەو کەمپانیای گواستنەوە گرتەبەر.